**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٩/٤/ ٤٥ لە ١/٧ ٢٠١٦**

**بەپێی ماددەی ( ٢ ) لە یاسایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ و پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٩٧٠) لە ٢٠١٥/١١/٢٥ کە تایبەتە بە پێشینەی هاوسەرگیری و خانووبەرە ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :-**

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦**

**یەکەم : پێشینەی هاوسەرگیری :-**

**١- کارمەندانی ڕاژەی سەربازی کە وەکو هاووڵاتی پێشینەی هاوسەرگیریان وەرگرتووە و داواکارن وەکو مووچە خۆران بڕی پێشینەکەیان لێ وەربگیرێتەوە پێویستە لە لایەن وەزارەتی تایبەتمەندەوە پشتگیری بکرێن بۆ گەنجینەی پەیوەندیدار .**

**٢- دوای ڕێکاری سەرەوە لە لایەن گەنجینەی پەیوەندیدارەوە نووسراوێك ئاڕاستەی لایەنی تایبەتمەند (وەزارەتی پێشمەرگە / وەزارەتی ناوخۆ / ئەنجومەنی ئاسایش / دەزگای ئاسایش) دەکرێت بە مەبەستی بڕینی پشکەکانی شایستە لە لیستی مووچە و ڕەوانە کردنی بۆ گەنجینەکان بە مەبەستی پاکتاوکردنی .**

**٣- کارمەندانی ڕاژەی سەربازی کە وەکو هاووڵاتی پێشینەیان وەرگرتووە و لە کاتی شایستەدا پشکەکانیان نەگەڕاندوەتەوە بۆ گەنجینە ، دەکرێت بە بێ وەرگرتنەوەی پشکەکانی پێشتریان ئەو بڕەی کە لە ئەستۆی ماوەتەوە بەپێی خاڵی (١ و٢)ی سەرەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت .**

**٤- دوای جێ بەجێ کردنی قۆناغەکانی سەرەوە وەرگرتنەوەی پشکی پێشینەکە لە لایەن وەزارەتی تایبەتمەند بەهەمان بڕ و میکانیزمی هاتوو لە خاڵی (١)ی ڕێنماییمان ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٤) دەبێت .**

**دووەم : پێشینەی خانووبەرە : -**

**١- کارمەندانی ڕاژەی سەربازی کە پێشینەی خانووبەرەیان وەرگرتووە وەکو هاووڵاتی و داواکارن بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکان لە مووچەکانیان ببڕدرێت پێویستە لە لایەنی تایبەتمەند ( وەزارەتی پێشمەرگە/ وەزارەتی ناوخۆ/ ئەنجومەنی ئاسایش / دەزگای ئاسایش ) پشتگیری بکرێن بۆ بەڕێوەبەرایەتی لقی بانکەکانی خانووبەرە و نیشتەجێ کردن.**

**٢- دوای ڕێکاری سەرەوە بەڕێوەبەرایەتی لقی بانکەکانی خانووبەرە و نیشتەجێ کردن بە نووسراوێکی فەرمی کە ئاڕاستەی لایەنەکانی بڕگەی (١)ی خاڵی دووەمی سەرەوەی دەکات بڕی پشکی بڕینی مانگانە دیاری دەکات لەگەڵ بەرواری لێبڕینەکە کە پێویستە لە مووچەی ببڕدرێت و پاش بڕینی پشکەکان ، ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی لقی بانکەکانی خانووبەرە و نیشتەجێ کردن بکرێت .**

**سێیەم: ئەو پێشمەرگە خانەنشینانەی کە پێشینەی خانووبەرەیان وەرگرتووە دەتوانن داواکاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی پێشمەرگە بکەن بە مەبەستی لێبڕینی پشکی شایستەی پێشینەی خانووبەرە لە مووچەی مانگانەیان ، و بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی پێشمەرگە پاش بڕینی بە چەکێك ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی لقی بانکەکانی خانووبەرە و نیشتەجێ کردن دەکات.**

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**